عربي
Kurdisch




## هاوکاری مادی بەپەلە.

**بە هاناوەهاتن. سەربەخۆ. جێی متمانە**

SOFORTHILFEFONDS
FÜR BETROFFENE
BERLIN GEGEN HASSGEWALT

## ڕێگاکانی پەیوەندیگرتن:

تکایە لە ڕێگای ئیمێڵەوە یان تەلەفۆنەوە پەیوەندیمان پێوەبکەن. پاش ئەوە پەیوەندیت گرت، ئێمە کاتێک ڕێکدەخەین بۆ ڕاوێژکاری و هەروەها پاڵپشتیت دەکەین لە پڕۆسەکانی تر دا دواتریش هاوکاریت دەکەین. ڕێگاکانی ڕاوێژکاری بە تەلەفۆن، یان بە شێوەی دیجیتاڵی و هەروەها بە شێوەی چاوپێکەوتن لە ژورەکانی ڕاوێژکاریماندا ئیمکانی هەیە.

تەلەفۆن: 0151 42043648

ئیمێڵ: berlin-gegen-hassgewalt@amadeu-antonio-stiftung.de

ئێمە بە تەلەفۆن لە ڕۆژی دوشەممەوە هەتا ڕۆژی پێنجشەممە لە سەعات ١١ بەیانی تا ٤ پاشنیوەڕۆ لە سەر خەت ئامادە دەبین.

www.berlin-gegen-hassgewalt.de

BERLIN GEGEN GEWALT
Landeskommission
Berlin gegen Gewalt

AMADEU ANTONIO STIFTUNG

## زمانەکان

ئێمە هەوڵ دەدەین کە بە هەموو زمانێک وەرگێڕان بکەین- تەنانەت بە زمانی ئاماژەش. لەبەر ئەوە، ئێمە لە گەڵ وەرگێڕە جیاوازەکان پێکەوە کاردەکەین.

## زانیاری بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان

هاتنە ژورەوە بۆ ژوری ڕاوێژکاری بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ئامادە کراوە.

ئەسانسۆرێرێکی کارەبایی هەیە و هەروەها ئاودەستێکی تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دابین کراوە. ڕێنمایی تایبەت بۆ نابیناکان یان ئەو کەسانەی کە پێداویستی تایبەتی بیناییان پێویستە بەداخەوە لە بیناکەدا نییە.

فۆرمی داواکردن لە سەر ئەو ماڵپەڕەیەی خوارەوە دابەزێنە

https://www.amadeu-antonio-stiftung.de/antragsformular

## سەبارەت بە ئێمە

لە بێرلین ڕۆژانە مرۆڤەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان بەرەوڕوی نەفرەت و توندوتیژی دەبنەوە. بنکەی ئامادۆ ئانتۆنیۆ بە پێشکەشکردنی هاوکاری مادی خێرا پیشتیوانی و پاڵپشتی بەرکەوتوانی نەفرەت و توندوتیژی دەکا. سەرچاوەی مادی ئەم ڕێکخراوەیە لە لایەن کۆمۆسیۆنی دژی توند و تیژی هەرێمی بێرلین دابین دەکرێ و پاڵپشتی دەکرێ.

## مەبەست لە نەفرەت و توندوتیژی

هەڕەشەلێکردن، جوێن پێدان ، ئیهانە و تەوهین کردن، برینداركردنی جەستە، تێکشکانی کەل و پەل.

کە لە بیروبۆچونێکی دژە مرۆڤانەوە دێ....
وەکو چەوساندنەوەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان واتە ئەبێلیسم، دژایەتیکردنی خەباتی ژنان واتە ئانتی فێمێنیزم، دژی ئەو مرۆڤانەی کە ئایینی جولەکەیان هەیە واتە ئانتیسێمیتیزم، دوژمنایەتیکردنی ڕۆمانیا و سێنتیزیا، دوژمنایەتی کۆمەڵەی پەلکەزێڕینە، دوژمنایەتی *LSBTI ،ڕەگەزپەرەستی یان ڕاسیزم ،مرۆڤە بێ پەناکان کە لەسەر شەقام دەخەون

ئەوانەی کە لە دژی پابەندبونەکان بە بنەماکانی ... دیمۆکراسی و بنەماکانی تاکەکەسین.

## پاڵپشتیەکانی ئێمە

- هاوکاریکردنی خێرای مادی تا بڕی ١٠٠٠ یۆرۆ بۆ هەر حاڵەت و کەیسێک.
- ڕاوێژکاری و هاوکاری بۆ پڕکردنەوەی فۆڕم و داواکاری (بە تەلەفۆن، بە شێوەی دیجیتاڵ و یان بێ ئەوەی خۆت بناسێنی ئەگەر وات پێ باش بێ.
- هەرکەسێک دەتوانێ داواکاری بەڕێ بکا
- کەسێک دەتوانێ لە بواری کارەکەیدا بۆ حیزبەکەی، ڕێکخراوە، دامەزراوە یان کەمپەکان ئەو داوایە تەقدیم بکا



## بە نمونە ئێمە خەرجی ئەم شتانە لە ئەستۆ دەگرین

- قەرەبوکردنەوەی ئەو کەرەسانەی کە خراپیان کردون یانتێکشکاون
- چارەسەری و دابینکردنی دەوا و دەرمان
- ڕاوێژکاری دەرونی
- تێچوی پارێزەر
- کۆرسی تواناسازی و بەرگیری گرتن لە خۆ
- چاودێری



**لە بێرلین ئەژی و هەڕەشەی ڕەگەزپەرستەکانت لەسەر، یان لە بەر ئەوەی ئایینی جولەکەت هەیە هێرشت کراوەتەسەر، گروپی پەلکەڕێنەی و هێرشت کراوەتە سەر یان بە هۆی هەر جۆرە بیرۆباوەڕێکی مرۆڤایەتیخوازانە هێرشت کراوەتە سەر؟**

**لەبەر ئەوەی کە پابەندی بە پرەنسیپەکانی دیمۆکراسی و بنەماکانی مرۆڤایەتی و یان لەو بوارەدا چالاکی بویتە نیشانەی نەفرەت و توندوتیژی؟**

**بە هۆی ئەم هێرش و تەهدیدانە توشی خەرجی بوی؟**

دابینکردنی تێچوی ماڵی و پاڵپشتی کردنی ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندی بە دوژمنایەتیکردنی تۆوە هەیە یان ئەگەر تەهدید کراوی.

ڕاوێژکاری بە بەلاش و هاوکاریکردن بۆ داواکاری ئەو پارەیە.

بە ڕاشکاوانە: ئێمە هاوپەیمانێتی بەرکەوتوەکان دەکەین.

متمانەپێکردن: زانیاریەکان نادرێنە کەسی سێهەم

ئێمە سەربەخۆین لەوەی کە دەزگا دادوەری ودەزگا پۆلیسیەکان ناتوانن بێنە نێو کارەکەمانەوە.